



## دەڕۆم  دەڕۆم ... شالاو

دەڕۆم بۆ دونیای خەیاڵ و ئاسمانی ڕەش هەڵگەڕاو
دەڕۆم بۆ كاتی تێپەڕیوی پڕ دڕندەی لە گۆڕ نراوا
گیانم دەدەم بە شەماڵی بێ دەنگ وڕەنگی ئێواران
دوور لە عاشقانی بێ پەیمان و دڵ ڕە قی دڵداران

خۆزگە دەمتوانی نەبیستم ئاهو ناڵەی خۆشەویستی
نەک نەیێ بەڵكو نەمێنێ هەر لەتۆ هیچ خۆپەرستی
ناو دڵم پڕ بێ لە خورپەو مەرگی  خۆم پێ ڕاگەیێنی
من بەیەكجاری شەهیدبم شەهیدی ڕێی خۆشەویستی

هەر خەیانەت بێ لەتۆ بێ نەک لە دەنگی بولبولان
ڕۆژ بەڕۆژ تاریكە چاوم نابیستم هیچ ترپەی دڵان
كورت وڕێكی كە ببینم ئەی ئاسمان  دیداری یار
چارەنووسم بێ ئەگەر مام یەک هەناسەی نێو گوڵان

چاوەكانت سەرخەوێ ناشكێنن پاسەوانن ڕۆژو شەو
ناهێڵن ڕۆشن بكا ئاسمان و ئەستێرەش جوانی ئەو
پەیكەرێكی گیان دەبەخشی و گیان دەدەی تاكو بلێن
شەو دەكەی بە گۆڕستان و ڕۆژ دەكەیتە چاوی خەو